# کەرکووک، زایەڵەی خەمێک، کە هەمیشە لە گوێماندا دەزرنگێتەوە

**ئەمجەد شاکەلی**

یەکێک لەو هەڵە سەخت و کوشندانەی، کە زۆرجاران سەرانی کورد کردوویانە و چەند بارەیشیان کردووەتەوە، دواخستنی چارەسەرکردن و بڕینەوەی، کێشە هەرەمەزن و گرنگ و گەرم و چارەنووسسازەکانی کوردە، بۆ داهاتوو. سەرانی کورد، کاتێک لەگەڵ خەڵکانێک، کە بە نێوی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقەوە، کاریان دەکرد و ئەمڕۆ بوونەتە، شاگردانی فەرمانڕەوایانی ڕاستەقینەی عیراق(ئەمەریکاییەکان)، دادەنیشتن و بۆ یەکدی پێدەکەنین و فەرمووفەرموویان، لەیەکدی دەکرد و پێکەوە دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و دەمەتەقەیان دەکرد، دەبوو هەر پێش ڕووخانی سەددام حوسەین و هەر لە جڤینەکانی لەندەن و پیرمامەوە، تەواوی ئەو پرۆژەی فیدرالییەی، دایانڕشتبوو و لە سەری پێکهاتبوون و تەواوی وردەکارییەکانیشی، کە کەمترین مافێکە بۆ کورد، بخەنە پێش چاوی هەموو حیزب و ڕێکخراو و دەستە و تاقمێکەوە، کە بە خۆیان دەگوت، ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی. دەبوو هەر ئەودەمی، کارێکی وایان کردبا و بە زۆر بووایە یا بە خۆشی و ڕەزامەندی، بە پەنجەمۆر و قایلبوون و نێونووسینەوە، بەڵگەنامە و کاغەزیان، بە ئاگاداری زلهێزانی نێودەوڵەتی، و یەکیەتیی دەوڵەتەیەکگرتووەکان، و یەکیەتیی ئەورووپا، بەو ئۆپۆزیسیۆنانە، مۆر کردبا و هیچ بوارێکی، پاشگەزبوونەوە و پەشیمانییان، تێدا نەهێشتبایەوە. سەرانی کورد، کە بۆ خۆیان پێیانوابوو و پێیانوایە، ئەمەریکا و هاوپەیمانانیی، دۆستی کوردن و بە تەنگ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە دێن و بە هاواری کوردەوە هاتوون، دەبوو بیانتوانیبا، تەواوی خواست و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، بخەنە پێش چاویان و بێ سێودوولێکردن و ڕاشکاوانە لەگەڵیاندا، هەموو باسێکیان کردبا. کارێکی لەو جۆرەیش، پێویستییەکی یەکجار زۆری، بە یەکدەنگیی کورد خۆیەوە هەبوو و هەیە. هەر ئەو دەمی دەکرا، بە مەرج، نەک هەروا و هەڕەمەکی و بە گوێرەی تیۆریی"پەنا بەخوا"، هاریکارییان لەگەڵ ئەمەریکادا کردبا. هەر ئەو دەمی دەکرا، بێ هیچ دوودڵییەک، باسی سەرخۆبوون و ئازادی و دروستکردنی دەوڵەتی باشووری کوردستانیان هێنابایە زمان. سەرکردەیەتیی کورد، بە ئاوڕدانەوەیەکی تەنانەت خێرایش، لە ڕابوردوویەکی زۆر نێزیک، ئەو ڕاستییەیان بۆ دەردەکەوێت، کە باسنەکردن و دواخستنی پرسگەلێکی مەزن و هەڵگرتنیان بۆ دەمێکی دیکە، هیچ کاتێک بە قازانجی گەلی کوردستان نەبووە. ساڵی 1970، لە دەسپێکی دانیشتنەکانی سەرکردەیەتیی بزاڤی کورددا، لەگەڵ نوێنەرانی حوکوومەتی بەغدای بەعسدا، لە ناوپردان، کە پێکهاتنی 11ی مارسی 1970ی لێ کەوتەوە، باسی ئەوە هاتبووە گۆڕی، کە ئەو دەڤەری ئۆتۆنۆمییەی کوردستان، کوێ دەگرێتەوە، عەبدوڵڵا سەللووم ئەسسامەڕائی(عبدالله سلوم السامرائي)، سەرۆکی شاندی گفتوگۆی عیراق گوتبووی:"کەرکووک شارێکی عەرەبییە". مەلا مستەفای بارزانییش، بە تووڕەییەوە پێی گوتبوو:"تۆ کێی تا بڵێیت کەرکووک عەرەبییە؟". بارزانی هەستابووە سەر پێ و گوتبووی:"من لە جڤینێکدا دانانیشم، ئەم کابرایەی تێدا بێت" و ویستبووی لە جڤینەکە وەدەرکەوێت. ئیدی ئامادەبووان، تکای لێ دەکەن و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەویش ناگەڕێتەوە نێو دانیشتنەکە و سوور دەبێت، لە سەر وەدەرنانی ئەسسامەڕائی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکە. پاشان ئەوەیشی بۆ ئەنجام دەدرێت و ئیدی ئامادەبووانی جڤینەکە، لە سەر مەسەلەی کەرکووک بێدەنگ دەبن[1]. ئەو بێدەنگبوونە، بوو بە هۆی، دواخستنی باسکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ. پرسی باژێڕی کەرکووک و دەوروبەری ئەو شارە، یەکێک بوو. لەو پرسانەی، کە دواخرا بۆ دواترێکی نادیار. گفتوگۆی نێوان سەرکردەیەتیی بارزانی و شاندی حوکوومەتی بەعس، تا ڕادەیەک لەو بارەوە، گەیشتبووە بنبەست و بەرەو پێکنەهاتن و بڕینی دانوستاندن دەچوو. بارزانی، سوور بوو لە سەر، کوردستانیی کەرکووک و عیراقییەکانیش پێچەوانەوەی وی بوون. ئەوەی بوو بە هۆی، درێژەپێدانی گفتوگۆ و بەردەوامیی و نەپچڕانی، هەوڵ و تەقەلای، کۆمەڵێک لەو ماستاوساردکەرەوە و خۆگەهێن و هەلپەرست و مەراییکار و کوڕاوی کورسی و دەسەڵاتی، نێو سەرکردەیەتیی پارتیی و دەوروبەری سەرکردەیەتیی بارزانی بوون، کە ئێستایش هەندێکیان ماون و درێژە بە سازشکاری و کاری سیاسی خۆیان دەدەن. ئەوان ئەودەم، بۆ ئەوەی بەغدایان لەدەست نەچێت و ببنە وەزیر و گزیر و کارمەندی گەورە و خاوەن پارە و بەرژەوەندەکانی خۆیان بپارێزن، کەوتنە نێوان بارزانی و شاندی حوکوومەتەوە و جۆرە سازشکارییەکیان کرد و بارزانییان، بە بێدەنگبوون و دواخستنی ئەو باسە، بۆ دەرفەتێکی دیکە، قایل کرد. پێکهاتن لەگەڵ شاندی حوکوومەتی بەغدادا، لە سەر ئەوە کرا، کە دواتر لە ئامارێکی گشتیدا، کە دەبێ بکرێت و لە سەر بنەمای زۆرینە و کەمینە، کوردستانیبوونی باژێڕی کەرکووک دیاری بکرێت. بارزانی، لەوە گەیشتبوو، کە دواخستنی ئەو باسە و چاوەڕوانکردنی ئەنجامدانی ئامار و سەرژمێری، هەرگیز بە قازانجی کورد ناگەڕێتەوە و حوکوومەتی بەعس، ئیدی دوای ئەوەی، کە خۆی گرت و جێی خۆی قایم کرد، زۆر بە هاسانی و بە هۆی ڕاگواستن و کۆچپێکردنەوە دەتوانێت، باری دیمۆگرافی کەرکووک و ئەنجامی تەواوی ئەو ئامار و سەرژمێرییە، بە قازانجی خۆی و ناکوردستانیبوونی کەرکووک بگۆڕێت و فرۆفێڵی تێدا بکات. هەر بۆیەش بارزانی، لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ شاندی حوکوومەتی بەغدادا لە ناوپردان، پێی گوتبوون، کە:"ئەگەر لە کەرکووک تەنێ دوو کوردیش بمێننەوە، کەرکووک هەر کوردستانە"[2]. دیارە ئەو باسی ئامار و سەرژمێرییەی، کە هاتە گۆڕێ، بێجگە لە کەرکووک، دەڤەرەکانی شەنگال و خانەقینیشی دەگرتەوە. هەرچەندە، خەڵکانێک لە دەرەوەی سەرکردەیەتیی بارزانی و پارتیی هەبوون، کە نەیاندەویست باسی کوردستانیبوونی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکە، دوابخرێت و دەیانویست، هەر دەسبەجێ چارەسەر بکرێت و دەنگی خۆیشیان بڵند کردبووەوە، لێ دەنگی ئەوان لەچاو دەنگی سازشکاران و هەلپەرستاندا، تەنێ وەک نووزەیەک بەرگوێ کەوت و سازشکاران سەرکەوتن. 1971/9/29، بە هۆی ناردنی چەند "بۆمبەمەلا" و "بۆمبەئۆتۆمبیل"ێکەوە، بۆ بارەگای بارزانی، لە ناوپردان، هەوڵێکی کۆشتنی مەلا مستەفای بارزانی درا. هەوڵەکە سەرنەکەوت و بارزانی ڕزگاری بوو. پاش ئەوە، ئەوانەی دەوروبەری بارزانی، چاوەنۆڕی ئەوە بوون، لە سەر ئەو کارەی حوکوومەتی عیراق، بارزانی جاڕی جەنگ بدات و بیکات بە هەرا. بارزانی، ئەو خەڵکانەی، کە بەو کردارە پەست و تووڕە بووبوون، هێور کردنەوە و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە هیچ جۆرە دژەکردارێک، لەهەمبەر ئەو کارەدا نابێ بکرێت و پێیشی گوتن:"ئەوە هەڵەیە ئەگەر لەبەر من ، یا لەبەر کەسێکی دیکە، جەنگ دەست پێ بکەینەوە، ئەگەر ئەو کارە بکەین، ئەوا لە سەر کێشەیەکی چارەنووسساز، بۆ نموونە کەرکووک، دەیکەین"[3]. دواخستنی چارەسەرکردنی، کێشەیەکی چارەنووسسازی وەک کەرکووک و جێهێشتنی بۆ کات و سەردەمێکی دیکە و

---

[1] فتح الله، جرجيس، زيارة الي الماضي القريب،دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم،1998،ص188.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل53.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل198-201.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داهاتوو، نەک هەر هیچ خزمەتێک بە کێشەی ڕەوای نەتەوەی کورد و کوردستان ناکات، بەڵکە کاریگەرییەکی نەرێنیش، دەکاتە سەر ئەو پرسە و چارەسەرکردنی دوا دەخات و دەیمرێنێت. بۆ بڕواکردن بە بەڵێن و بانگاشەی ئەمەریکاییەکان و عەرەبی عیراق، کە پرسی کەرکووکیان بە مۆلەقی هەڵگرتووە، بۆ داهاتوویەک، کە هیچ تروسکە و ڕووناکییەکی لێوە دیار نییە، دەبوو هەر هیچ نەبێت و وەک کارێکی کتوپڕی و هەنووکەیی، خانەقین و مەندەلی و جەلەولا و قزڕەبات و بەدرە، بخەنە سەر هەرێمی کوردستان و کفری و کەلار و چەمچەماڵ و پردێ و دووبز و خورماتوویش بخەنەوە سەر کەرکووک و تەواوی دەڤەرە کوردەکانی دەوروبەری باژێڕی مووسڵیش بخەنە سەر هەریمی کوردستان، ئیدی لە هەمان کاتیشدا، عەرەبی هاوردە، وەدەرنراوان و کوردی وەدەرنراو، بگێڕدرابانەوە سەر خاکی خۆیان. ئەوی دیارە و لەبەرچاوە، سەرانی کورد، لە باسی باژێڕی مووسڵیش، دەستیان شۆردووە و نێوی مووسڵیان بە زاردا نایەت و خۆیان لێ کەڕ کردووە، لێ مووسڵیش بەشێکی جیانەکراوەی خاکی کوردستانە و ئەگەر ئەوان کەرکووکیان بە یەکلانەکراوەیی و مۆلەقی هێشتووەتەوە، دەکرا ڕەوشێکی لەو جۆرەیش بۆ مووسڵ بێتە گۆڕێ و باسی لێوە بکرێت، چونکە ئەو عیراقەی، کە سەرانی کورد، بە پیرۆزی دەزانن و دژی لەتکردنین و لەگەڵ یەکپارچەییدان و بۆ خۆیشیان خزمەت بەو ئاراستەیە دەکەن، بۆ خۆی هەرگیز:"یەکەیەکی سیاسیی و خاوەن ڕابوردوویەکی سەربەخۆ نەبووە. ئەم سنوورانەی ئێستای، پتر بە ویستی دەوڵەتگەلێکی بیانی و بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی دەرەکی، سەردەمێک کێشراون و دانراون، خەڵکانێک کە ئێستاش زیندوون، باشیان بە بیر دێت"[4]. تەواوی ئەو بزاڤە سیاسیی و ڕزگاریخواز و نەتەوەییانەی، کە لە کوردستاندا بەرپا بوون، هەر بەشێکی کوردستان، هەمیشە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان، بڵند کردووەتەوە و خەباتیان، بۆ ئەو ئارمانجە کردووە. بزاڤەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بەدرخانییەکان، شێخی پیران، شێخ مەحموودی حەفید، حیزبی هیوا، ژێکاف، هەر هەموویان، لە سەرخۆبوونی کوردستان و کورد، داخوازییەکی کەمتریان نەبووە. بە کاریگەریی سۆڤیێت و بەرەی سۆسیال ئیمپریالیزمی جیهانی، برەو بە تێزی ئۆتۆنۆمی و نانێوەندەکی و فیدرالی و یەکپارچەیی خاک و برایەتی و تەواوی ئەو پێناسە و چەمکانە درا. ژێکاف، کە بە کاریگەریی سۆڤیێت، کرا بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە باشووری کوردستانیش پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراق، دامەزرا و هەردووکیان، وشەگەلی ئێران و عیراقیان خرایە سەر، ئیدی پرسی کورد، بوو بە پرسێکی نێوخۆیی ئەو وڵاتگەلەی، کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە. بەو جۆرە، هەموو هاوار و خەباتێکی کورد، گۆڕدرا بۆ، خەبات بۆ دیموکراتی لەو وڵاتانەدا و ئۆتۆنۆمی و... بۆ فلانە بەشی کوردستان. سەرەتای هەڵەکان، دەگەڕێتەوە بۆ عیراقییاندن و ئێرانییاندن و تورکیاندن و سووریایاندنی، پرسی کورد. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بە بارزانیشەوە، هەرچەندە ئەگەر وەک بیرکردنەوەش، بە مەبەستی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان خەباتیان کردبێت، لە واقیع و پراکتیکدا و لە کۆتایی ساڵانی 1940ەکانەوە، وەها کارێکیان نەکردووە، هەربۆیە هیچ یەکێک لەوان، لەو هەڵەیە دەرباز نابن. بەشێکی زۆری ئەو هەڵەیەش، دەکەوێتە ئەستۆی بارزانی، چونکە بێجگە لەوەی دیارترین سەرکردەی کورد بووە، درێژترین ماوەیش، سەرکردیەتیی بزاڤ و سیاسەتیی کوردی کردووە و ڕێبەری گشت کوردی، هەموو کوردستانیش بووە. بارزانی، تەنێ بارزانی، دەیتوانی ئەو هاوکێشەیەی کورد، لە پرسێکی هەرێمیی نێو عیراق، ئێران، سووریا، تورکیاوە، بگۆڕێت و بگوێزێتەوە و بیکاتە پرسێکی سەدلەسەد کوردستانیی و لە باشووری کوردستانەوە، دەستی پێ کردبا و خەڵکی لە سەر، بارهێنابا و پەروەردە کردبا و پاشانیش، بەرەو بەشەکانی دیکەی کوردستانی بردبا. ئێمە، کە دەنۆڕینە بزاڤە

[4] دان، اوریل، العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي1958-1963، نقله الي العربية وعلق عليه جرجيس فتح الله المحامي، الجزء الاول، دار نبز للطباعة والنشر، السويد1989، ص18.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسییەکانی زۆرینەی جیهان، بە دەگمەن بزاڤێک هەیە لەم جیهانەدا، ئەگەر بزاڤێکی نەتەوەیی بێت و خودانی تایبەتمەندیگەلێک بێت، کە زۆر خویا، لە نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدار و داگیرکار، جویێ دەکاتەوە، هەوڵ بۆ ئەوە بدات، لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بمێنێتەوە، کە بۆ خۆی دژی دەجەنگێت. فلستینی، ئێریترییایی، باسک، ئێرلاندییەکان، تیمووری ڕۆژهەڵات، خوارووی سوودان، مەکەدۆنییەکان، چیچنییەکان و دەیان نموونەی دیکەی ئەم جیهانە، هیچ یەکێک لەوانە، باسی ئەوەیان نەکردووە، کە لەگەڵ و لە نێو ئەو گەل و وڵاتانەی تێیدان، پێکەوە دەژین و بران و کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت. لە سیاسەتدا برایەتی و ئەو جۆرە دەستەواژانە نییە. تۆیەک، کە کوردیت و خاکێکت هەیە نێوی کوردستانە و خاوەنی زمان و دیرۆک و فەرهەنگی خۆتی و دژی تورکیا، عیراق، ئێران، سووریا، دەجەنگیت، ئیدی بۆ خەبات بۆ دوورکەوتنەوە و دابڕان ناکەیت، لە تورکیا، ئێران، سووریا، عیراق؟ بۆ ڕێک و ڕەوان باسی سەربەخۆیی کوردستان، لەگەڵ کەسانێکدا، کە تۆ بە دۆستی خۆتیان دەزانیت و کاریان پێ دەکرێت، ناکەیت؟ بۆ لە پشتی پەردەوە و بێ پێزانینی خەڵکی کورد و تەنانەت هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش، لە خۆتەوە و بێ ڕاوێژ و گفتۆگۆکردنێک لەگەلیاندا و بێ سازکردنی یەکدەنگییەک، لە کوردستانەکەی خۆتدا، سەودا و مامەڵە بە چارەنووسی گەل و وڵاتێکەوە دەکەیت؟ جۆرە ماسییەک هەیە پێی دەگوترێ"ماسییەزێڕینە"، کە بە عەرەبی دەبێتە"سمكة ذهبية" و بە ئینگلیزییش دەبێتە"Golden Fish"، دەڵێن، ئەم ماسییە، تەنێ سێ چرکە کاتی دێتەوە بیر، واتە: کە شتێک دەبینێت و بە ڕێگەیەکدا دەڕوات، دوای سێ چرکە، لە بیری دەچێتەوە، کە ئەو شتەی دیوە و بەو ڕێگەیەدا چووە. وا پێدەچێت، سەرانی کوردیش، سروشتی ماسییەزێڕینەیان هەبێت و هەر یەکجار زوو، دیرۆکی دەردەسەری کورد و خۆشباوەڕی خۆیان، لە بیر بکەن. هێشتنەوەی پرسی کەرکووک بۆ دواتر، سەرانی کورد، هەرچوونی لێکدەدەنەوە، تەنێ یەک شت دەگەیەنێت، ئەویش بیرتەسکی و کەمبینین و پەندوەرنەگرتنی ئەوانە لە دیرۆک و فریوخواردنیانە لە نەبەردە سیاسییەکاندا.

2004/1/11



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com